

# 17ی سێبتێمبەر و ئەگەری نشوستی سۆسیال دیموکراتەکانی سوید

## ئەگەر سۆسیال دیموکراتەکان بدۆڕێن چارەنوسی پەناهندەکان لە مەترسیدایە

## دروشمی سەرەکی پارتی سەوزی سوید بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ بریتییە لە "نەخێر بۆ ئوتومبێل بەڵێ بۆ پاسکیل"


**راپۆرتی کامەران ئیسحاق پەری**

**سوید - تایبەت بە لڤین**


● بەو پێیەی کە ئەمڕۆ سوید بە یەکێ لە وڵاتە دیموکرات و پێشکەوتوخوازەکانی جیهان دەژمێررێت و لەو وڵاتە ماف پارێزانە ناوی دەرکەوتوە و جێ پەنجەشی لە بواری وەدەستهێنانی ئازادی و یەکسانی مرۆڤ و پێکەوە ژیان ، لەگەڵ بێگانە بە زەقی لە خۆرئاوادا نەخشاندووە جێگەی خۆیەتی ئەمڕۆ لەگەڵ وادەی خۆئامادەکردن لە دواساتەکانی بەر لە بریار بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکانی سوید ، بەدواداچوونێك لەمەڕ هەوراز و نشێوی و پێشبینیەکانی دەسەڵات گرتنە دەستی پارتی سەرکەوتو لەم هەڵبژارنە بخەینە روو ..لە راستیشدا بۆ ئەوەی بەدواداچونێکی سەرکەوتو لەسەر ئەو بابەتە ئامادەبکەین پێویستمان بە گەڕان و پشکنینێکی زیاد لە پێویست بوو تاکەمێك زانیاری و راستیمان لەوبارەیەوە بە چنگ کەوت ... لێتان ناشارمەوە کاتی ئامادەکرنی ئەم بابەتە دووچاری گەلیك گرفت و لێك تێنەگەیشتن بووم بە حوکمی ئەوەی کە بۆمن یەکەمجار بوو تێکەڵی جیهانێك بم کە پێیدەوترێت جیهانی هەڵبژاردنی ئازاد لە وڵاتێکی دیموکرات.

### پارتە سیاسیەکانی سوید و دابەشبوونیان

بەشێوەیەکی گشتی پارتەکانی سوید بەسەر دوو بلۆکدا دابەشبووە بلۆکی یەکەم بلۆکی چەپڕەووی سویدە کە هەر یەك لە پارتی سۆسیال دیموکرات و پارتی چەپی لیبراڵ و پارتی ژینگەپارێزی سوید خۆی تیا دەبینێت.

بلۆکی دووەم بە بلۆکی پارتە راستڕەوەکانی چینی بیرۆکراتەکان ناسراوە و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن پێکدێنن کە خۆی لە هاوپەیمانێتی پارتی گەلی سوید و پارتی مەسیحی دیموکرات و پارتی چەق (سەنتەر) و مۆدێرات پارتی دەبینێتەوە.

بەپێی دەستوری سوید هەموو چوارساڵ جارێك سوید هەڵبژاردنی گشتی ئەنجامدەدات، هەڵبژاردنەکانی 17ی ئەم مانگە هاوشێوەی پێشوو بۆ (ئەنجومەنی شارەوانی) و (ئەنجومەنی پارێزگا) و (پەرلەمانە)، پارتە سەرکەوتووەکان پەرلەمان و حکومەت رادەگەیەنن ، کە پێکدێت لە سەرۆك وەزیران و بیست وەزیر ، بە پێی دەستوری وڵاتی سوید هەر پارتێك لەسەدا چواری دەنگەکانی بە دەستهێنا بۆی هەیە لە پەرلەماندا بەشدار بێت .

ئەم رێژەیەش وادەکات رەنگ و دەنگی ناو پەرلەمان فرەچەشن و فرەلایەن بێت.. بەڵام بە درێژایی زیاتر لە هەشت خولی رابردووی هەڵبژاردنەکانی سوید پارتی سۆسیال دیموکرات کە لە ساڵی 1956 دامەزراوە ، زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانی بەدەستدەکەوێت و



حکومەت و وڵات دەبات بەڕێوە.. هاوکات پێدەچێت هەڵبژارنی ئەمجارە بەدەر لە تایبەتمەندییەکی خۆی هەبێت، بەتایبەت لەپاش دەرخستنی هەندێك ڕاپرسی کە تیایدا مەترسی ، ئەو ئەگەرانە ئەخەنە روو کە تیایدا ئەشێت پارتی دەسەڵاتدار (پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید) دەنگ و ڕەنگ و سەنگە بەناوبانگەکەی لەدەستبدات و پارتی تر جێی بگرێتەوە و دەسەڵات بگرێتە دەست، بەم پێیەش ئەگەر پارتی سۆسیال دیموکرات لەسوید دۆڕاندی دەبێتە پارتی ژمارە چوار لە ریزی دۆڕاندنەکانی بیری سۆسیالەکان لە ئەوروپا، لە پاش دۆڕاندنیان لە ئەڵمانیا و دانیمارك و نەمسا. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو یاسایانە بکەین کە ژیان و گوزەران لە سایەی مێژووی فەرمانڕەوای پارتی سۆسیال دیموکرات لە سوید ڕێکخراوە، بونەتە شاکاری سۆسیالەکان . سۆسیال دیموکرات ئەم یاسایانە بە دەستکەوتێکی گەورەی خۆی ئەزانێت کە بە درێژایی ئەم چەندساڵەی حوکمڕانی لە پێناو بەختەوەری و ئاسودەیی تاکی سویدی بۆی دەستەبەرکردوون. بەڵام پێئەچێت دەستکەوتنی ئەم زانیاریانە بەردڵی دەنگدەری سویدی نەگرێت و تینوێتی پێنەشکێنێرێت و خوازیاری بەچنگ کەوتنی زیاتر بێت. گەلێك بەرنامە و داخوازی هەیە بە رای شەقامی سویدی لەلایەن سۆسیال دیموکراتەکان پشتگوێ خراوە یاخو ئاوڕی لێنەدراوەتەو، گرنگترینیان کەمکردنەوەی باج و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاریە لە سویددا،دیارە لێرەدا ناکرێت هەموو ئەوکار و بەرنامە چاکسازییانەی سۆسیال دیموکرات بخەینە روو کە گوزەرانی خێزان چاك دەکات ژیانی بۆ ڕێکدەخات و بەبرِبڕەی پشتی هاتنە دی ئاسودەیی دەژمێرێن لەوانەش یاساکانی خزمەت بە منداڵ و هەرزەکار و پێکهاتەی خێزان و خانەنشین و بەساڵاچووەکان .. لە پێشەنگی ئەو کارە چاکانەیە کە سۆسیالەکان بۆ سویدییەکان بە دەستیان هێناوە. لێرەدا باسی چەند یاسایەکی سوید دەکەین تایبەت بە (منالْ و هەرزەکار و لاوان)

1- یاساکانی خزمەت بەمنداڵ

- هەموو منداڵێك تا تەمەنی 16 ساڵ بۆی هەیە مانگانە و یارمەتی حکومەت وەربگرێت کە بەبڕی 150 دۆلار مەزەنەئەکرێت. ئەم یاسایە هەموو منداڵێکی سوید ئەگرێتەوە بێ هیچ جیاوازییەك.

- هەموو منداڵێك لە شەش ساڵیەوە مافی چوون بۆ قوتابخانەی هەیە و لە حەوت ساڵیدا قوتابخانەی سەرەتایی جەبرییە و مافی چوون بۆ خانەکانی کاتبەسەربردنی دوای قوتابخانەشی هەیە.

- هەموو مندلێك مافی خۆیەتی بچێتە باخچەی ساوایانی میری یاخود باخچەی ساوایانی خۆیی

حکومەت خەرجی باخچەی ساوایان بۆ ئەو خێزانانە خەرج ئەکات کە بێ کارن و داهاتیان نییە.
– هەموو دایك و باوکێك (یەکێکیان) یاخود بە هاوبەشی بۆیان هەیە 450 رۆژ لە دوای لەدایکبونی منداڵەکە لە گەڵیدابن بۆ ئاگاداریکردن و خزمەتکردنی منداڵی (شیرەخۆر)، خێزانی موچەخۆر لە سەدا هەشتای موچەکەی لەلایەن حکومەتەوە لەکاتی دابڕان لەکار بۆ دابین دەکرێت خیزانی بێکاریش بەهەمان شێوە هەمان مافی هەیە.
– تا تەمەنی 12 ساڵی باوك یاخود دایك بۆی هەیە مۆڵەت لە کارەکەی وەربگرێت و موچەکەی نەبڕێت ئەگەر هاتوو منداڵەکەی نەخۆش بوو، پێویستی کرد ئاگاداری نەخۆشییەکەی بێت.
2– یاساکانی خزمەت بە هەرزەکار و گەنج
– لێدان یاخود ئازار و ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی منداڵ و هەرزەکار لە هەموو شوێنێك و بەهەموو شێوازێك قەدەغەیە و یاسا سزای لەسەر دەدات. ئەم قەدەغەکردنە ناو خێزان و قوتابخانە و شوێنە گشتیەکانیش دەگرێتەوە و سزای شەش مانگ تا شەش ساڵی لەسەرە.
– هەموو هەرزەکارێك لە دوای تەمەنی شانزە ساڵییەوە بۆی هەیە لە قوتابخانەی فێربوونی شۆفێری دەست بکات بە خۆڕاهێنان بۆ ئوتومبیل لێخوڕین.
– هەموو کەسێك لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بۆی هەیە دەنگ بدات، مۆڵەتی شۆفێری دەست بکەوێت، ژیانی خێزان پێکەوە بنێت و بۆشی هەیە لە دایك و باوکی جیابێتەوە و سەربەست بێت، لە چۆنیەتی بە ڕێکردن و گوزەران. دایك و باوك هیچ مافێکیان بەسەر تەمەن هەژدە ساڵ نامێنێت.
لەتەمەنی بیست ساڵیدا هەموو کەسێك بۆی هەیە (مەی) ئەلکهول بکڕێت، تا پێش ئەو تەمەنە هیچ کۆگایەك مەی بە خوار تەمەن بیست ساڵ نافرۆشێت و فرۆشتنی مەی بەتەمەن خوار بیست ساڵ قەدەغەیە و تاوانە.
مامەڵەی سێکسی لەگەڵ هەرزەکاری خوار تەمەن پانزەساڵ تاوانە و قەدەغەیە و یاسا سزای لەسەردەدات، هەرکەسێك لەسەری بچەسپێت لەگەڵ ئەو تەمەنە سێکسی کردوە یاسای دەستدرێژی سێکسی بەسەردا دەچەسپێت، ئەگەرچی بەڕەزامەندی هەردوولابێت.

3– یاساکانی خزمەت بە نەریتی پێکەوە ژیان و جیابوونەوەی ژن و مێرد.
– یاسا ڕێگە بە ژن هێنان و مارەبڕی دەدات بۆ هەموو مرۆڤێك کە هەژدە ساڵی تەواو کردبێت بەمەرجێك ئەو پێکەوە ژیانە بەرەزامەندی هەردولابێت و خزمایەتی دەرەجەیەك نەیانبەستێتەوە. (مەبەست لە خزمایەتی دەرەجەیەك مەحرەمەکانە)
– یاسا ڕێگەدەدات بەیەك ژن بۆ پیاو هەروەها بەیەك پیاو بۆ ژن . لەدەرەوەی ئەم پێکەوە ژیانە فرەژنی لەلایەن یاساوە کاری پێناکرێت و مافی پێکەوە ژیانیان پێنادرێت.
– هۆمۆسێکسوێلەکان بۆیان هەیە گرێبەستی پێکەوە ژیان ببەستنو بۆشیان هەیە هەرکاتێك بیانەوێت ، لەیەك جیاببنەوە، بەیاسای (ئازادی پێکەوە ژیانی هاوڕەگەز) ناودەبرێت.
– ژن و پیاو یەکسانن بەرامبەر بەمافی جیابونەوە ، هەرکاتێك یەکێکیان یاخود هەردووکیان بیانەوێت لەیەك جیابنەوە ئەوا ، بێ هیچ ڕێگریەك دەبێت لەیەك جیابکرێنەوە، تەنها لەکاتی هەبوونی منالی خوار تەمەن شانزەساڵ ، دەوڵەت دەرفەتێك دەدات بۆ پاشگەز بوونەوە و هەوڵدان بۆ گەڕانەوە و چاکبونەوە، کەبە دەرفەت و مۆڵەتی بیرکردنەوەی شەش مانگی ناسراوە، خۆ ئەگەر لە دوای ئەو شەش مانگە ڕێکنەکەوتنەوە، ئەوا بە پێی یاسا لەیەکیان جیادەکەنەوە.
– لەکاتی جیابووە و هەبوونی منال دادگای جیابونەوە پشت بەستو بەبەڵگە و دەرفەتەکانی باشتر ژیان بڕیار لەسەر ئەوەدەدات کە کامیان ئاگاداری منالەکانبن (باوك یان دایك) ، جاری واهەیە باری ئابوری جیابوەکان رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە بۆ دادگا.
ئەمانە بەشێوەیەکی کورت و سەرپێیانە ئەو کارانەن کە سۆسیال دیموکرات ناوبانگی پێدەرکردوە و کردونی بە سونبولی خەبات و کارەکانی خۆی لە سوید.. بەڵام ئەم هەموو ئاسانکاری و خۆشگوزەرانیە ، بۆ تاکی سویدی بەرای هەندێك لە کارکەران و چینی موچەخۆران و هێندێك لە بیرۆ کراتەکانی سوید بۆتە بارگرانیان بەهۆی زۆری ڕێژەی باجدان. لەم سۆنگەیەشەوە پارتە نەیارەکانی تری سۆسیال دیموکرات (بەرەی ئۆپۆزسیۆن) ئەم خاڵەیان کردۆتە خاڵی لاواز و بێهێزی سۆسیالەکان و بەشێوەیەکی ئاراستەکراو کاری لەسەردەکەن لێرەش بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی پێویستە کەمێك باس لە سیستەمی باجدان لە سوید بکەین.

**رای شەقامی سویدی لەسەر پارتەکان..**

بەرلەوەی بێینە سەر رای شەقامی سویدی لەسەر پارتەکان پێویستە ئاماژەیەك بەو فەزیحەتە بکەین کەلە 2006/9/3 سۆسیال دیموکراتەکان بەبەڵگەوە لەسەر پارتی گەل بەدەستکەوتوە.
(پارتی سۆسیال دیموکرات) هەلی چوونە ناو ماڵپەڕی تایبەتی سۆسیالەکان و دزینی نهێنی و (مەحزەری کۆبونەوە) کان و بەرنامەی کاری داهاتووی سۆسیالەکان لەلایەن پارتی گەل بەشێوەیەکی ئاراستەکراو قۆستەوە، بەتایبەت کەلە کاتێکدا ئەم نهێنیە ئاشکرادەکرێت هەمووی دوو هەفتەی نەمابوو بۆ هەڵبژاردن . ئەمەش وای کرد متمانەی خەڵکی بەپارتی گەل و هاوپەیمانەکانی کەمبێتەوە و هەردوو بەرە ڕێژەی دەنگدەرانیان پەنجا بە پەنجا بوەستێتەوە. بەپێی ئاماری ستاتیکای سویدی رۆژی 2006/9/7 .
– یەکێك لە دیاردە سەیرەکان کەلەم بەدواداچونەدا دەستمان کەوت ئەوەبوو کە هاوڵاتی بەرەگەز سویدی بەدەگمەن ئاشکرای دەکات کە دەنگی خۆی بە کێ دەدات ، تەنانەت ئەگەر زۆریشی لێبکەیت، ئینجا دەڵێت رەنگە ، لەوانەیە دەنگ بدەم بە پارتی .... . لەراستیشدا ئەو پێشوەخت بڕیاری خۆی داوە بەڵام ئەم بڕیارە لای کەس نادرکێنێت. بۆیە هەمو پێشبینیەکی پێشوەخت رەنگە هەڵەبێت ، بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، جگەلەو دەنگانەی کە پێشوەخت بەهۆی ئەندامێتی و لایەنگری ئاشکرا ناسراوە.
– هەندێك لە دەنگدەر هەیە بە درێژایی پتر لە سی ساڵ دەنگی بەیەك پارت و یەك بەرنامە داوە، وێڕای بە چنگ نەکەوتنی رێژەی پێویست کەچی ئەو خەڵکە هەردەنگیان بۆ ئەدا و ئامادەش نیە بیگۆڕێت. بەتایبەت ئەو دەنگدەرانەی کەلە مێژەوە دەنگیان بە پارتی مەسیحی دیموکرات داوە.
– پارتی سۆسیال دیموکرات دەنگەکانی لەلایەن دەنگدەرە بەساڵاچووەکان و بێگانە و پەناهەندەکانەوە بۆدێت. دەنا وەکی دی پێئەچێت گەنج کەمتر دەنگ بە سۆسیال دیموکرات بدات. لەبەر رۆشنایی دروشمەکانی (هەمووما لەگەڵ

سۆسیال دیموکراتداین) بەرنامەی کاریشمان (چاکتر بژێوی بۆ پیر و پەککەوتە و هێنانەدی وڵاتێکی ماف پارێز بۆ بەساڵاچووەکان، باشترکردنی بواری خوێندن و تەندروستی هاوڵاتی ، باشترە لەبەرنامەی باجداگرتن).. لە پرسیارمان لە چەند گەنجێك کە بۆچی دەنگ نادەن بە سۆسیال دیموکراتەکان یەکێکیان ووتی (پارتی سۆسیال دیموکرات پارتی پیرەکانە، من دەنگ نادەم بە پارتێکی پیر ، دەنگ ئەدەم بەو پارتەی کە بارگرانی باجم بۆ کەم ئەکاتەوە) بەدوای ئەو وەڵامە لە هاورێکەیم پرسی تۆ ڕات چیە لەسەر ئەو دروشمەی سۆسیالەکان بۆ هەڵبژاردن کە دەڵێت (هەموومان لەگەڵ سۆسیال دیموکراتداین) لەوەڵامدا ووتی (من نا... تۆش ئارەزوی خۆتە)

– پارتی ژینگە ، پارتی سەوز. لە دروشمە بەناوبانگەکانیان (بیست ساڵ لەمەوبەر لەبارتر و شیاوترین کات بوو بۆ نەمام چاندن، ئەمڕۆکەش فرسەتێکی ترە بۆ نەمام چاندنەوەیەکی تر) هەروەها دروشمی (نەخێر بۆ ئۆتۆمبێل بەڵێ بۆ پاسکیل) لە دروشمە ناودارەکانیانە.

– لە دروشمەکانی تری پارتی چەپی سوید بۆ هەڵبژاردنەکان (هەمووکاتێك هەموو هەقێك لەچەپەوە سەرچاوەی گرتووە)

– ئارامی و پارێزگاری ئاسایش و دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان لە کارەکانمان، پارتی دیموکراتی سویدی کە(پارتێکی نوێیە) ئەمە دروشمیەتی.

– پارتی گەلی سوید ، لە دروشمە دیارەکانی باشترکردنی خوێندن بەزیادکردنی بابەتی فێربوون و وانە و مامۆستا لێهاتووەکانە، کاردەکەین بۆ داگرتنی باجدان.

– پارتی کریستیانی دیموکراتی سوید، لە دروشمە دیارەکانی ، چاکتر کردنی باری خێزانی بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ دابو نەریتە چەسپیوەکان، لەگەڵ ئەو نەریتانەی کە ئەمرۆکە لەبەرچاوماندا دارماون.

– مۆدێرات پارتی ، پارتێکی نوێیە لە گۆڕەپانی پارتە سیاسیەکانی سوید، بەڵام پێئەچێت جێگەی خۆی لەناو هزری چینی سەرمایەداران کردبێتەوە و دەنگی بەدەست بکەوێت، یەکێ: لە دروشمەبەناوبانگەکانی کەمکردنەوەی خەرجی دەوڵەتە و ئیدی کات هاتووە دەسەڵات بگۆڕێت.

<u>پەراوێز و سەرچاوەکان:</u>

سوید لە رێگەی راپرسی ئازاد لە ساڵی 1994 پرسیاری لە هاوڵاتی سویدی کرد بۆ بڕیاردان لەسەر رازی بوون بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا یاخود نەچوون، ئەنجامی راپرسیەکە بەڕێژەی 52٪ بۆ بەڵێ کۆتایی هات و لەساڵی 1995 سوید بوبەئەندام لەناو یەکێتی ئەورووپا.

– کاندیدە ناودارە کوردەکان بۆ ئەم هەڵبژاردنە: (جەبار ئەمین) لە لیستی کاندیدکراوەکانی پارتی ژینگە پارێزی سوید، (تارا توانا) کاندیدی پارتی سۆسیال دیموکرات، (رێبوار حەسەن) کاندیدی پارتی ژینگە پارێزی سوید بۆ شارەوانیەکان، (هیوا کاردۆیی) کاندیدی پارتی سۆسیال دیموکرات بۆ پەرلەمان.

– پێشبینی ئەکرێ کە پارتی سۆسیال دیموکرات لەشارەوانی سویدی بەڕەچەڵەك نشینەکان و شارەوانییە دەوڵەمەند و گەنجەکان رێژەیەکی کەم لە دەنگەکانی بەدەستبکەوێت، لەجێی ئەو پارتی گەل و پارتی چەپی سوید ئەو دەنگانە بەسەریاندا دابەش ببێت.

– وەزیری ئێستای پەروەردە و خوێندنی سویدی کەسەر بەلیستی سۆسیال دیموکراتەکانە ناوی ئیبراهیم بایلانە، بەڕەچەڵەك سریانیە و خەڵکی تورکیایە، پێئەچێت ئەگەر سۆسیال سەرکەوتن بەدەستیهێنێت وەزارەتی خوێندنی لێبسەنرێتەوە.

– تۆمەت و فەزیحەتی دزینی زانیاری و کۆدی چونەژورەوەی هۆبەی کۆبونەوەکان خراوەتە پاڵ سکرتێری گشتی لاوانی لیبڕاڵی سەربە پارتی گەل.

– ئەگەر سۆسیالەکان سەرکەوتن بەدەستنەهێنن، یەکەم زەرەرمەند پەناهەندە و بێگانە و کەمایەتیەکانی سویددەبن.

– بۆزیاتر زایانیاری ئەتوانن سەردانی ماڵپەڕی تایبەتی هەڵبژاردن بکەن بەم ئادرێسە www.val.se .

